وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:27**
**رۆژی دەرهێنان:2004/6/20**

پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (43)ی رۆژی (2004/6/19)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی (1997) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(27)ی ساڵی/2004**

**ماددەی یەکەم:**

1-ماددە(3)بڕگەی (و)لە یاسای هاتوچۆ ژمارە(48)ی هەموارکراوی ساڵی 1971بۆ ماوەی تەنها شەش مانگ لەکاردەخرێ.

2-ئەو کەسانەی داوای وەرگرتنی ئیجازەی شوفێری دەکەن، بەپێی رێنماییگەلی تایبەت، بە دواندن(شفهیا)تاقی دەکرێنەوە، دوای ئەوەی خولێکی فێربوونی رێسای رەوت ویاساگەلی هاتوچۆی بەرکار لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆی هەرێمدا بەسەرکەوتوویی تەواودەکەن کە ماوەی ئەو خولە لە چوار حەفتە کەمتر نییە.

**ماددەی دووەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەر کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی - عیراق**

**هۆکارە زەروورەکان**

لەبەر ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی هەرێم، بەهۆی بارودۆخی نائاسایی دەیەها ساڵی رابوردوو هاوبەشی کردنیان لە بزاڤی رزگاریخوازی کورد و رەوکردنیان بۆ دەرەوەی نیشتمان، لە خوێندەواری (خوێندن ونووسین) بێبەش بوون و، هەتا ئەمڕۆش خولی لەناوبردنی نەخوێندەواری نەیگرتوونەتەوە، بەڵام بە چاکی شوفێری دەزانن، جا، لەبەر ئەوەو، بۆ ئەوەش کە بتوانن ئیجازەی شوفێری وەربگرن، ئەم یاسایەمان دەرهێنا.